# کورتەیەک لە مێژووی بزووتنەوە ئیسلامیەکان
# لە سەدەی بیستەمدا

ئەحمەد معین
تەمموزی 2007

قۆناغی دووەم:
بزوتنەوە ئیسلامیەکان لە حەفتاکانەوە تا ئێستا

ئەو قۆناغەی کەلەئەدەبی سیاسی دا لە وولاتانی ئاسیاو ئەفریقیا بە قۆناغی ( ڕزگاری نیشتمانی ) ناسراوە ، بە هەندێ جیاوازی شکلی بە پێی بارودۆغی تایبەتی هەر وولاتە ، لە پەنجاکان و شەستەکاندا بە جێگیر بوونی شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری و گرتنە دەستی دەسەلاتی سیاسی لە لایەن ڕەوتی هەمەڕەنگی بۆرجوازی نیشتمانی و قومیەوە کۆتایی هات .
ئەو ئالوگۆڕانە سەرئەنجامی کۆمەلایەتی فکری و سیاسی هەمەجۆریان بە دوای خۆیاندا هێنا .
لە ئاستی جیهانیشدا ئیتر لە سیستمی سۆڤیەت دەسەلاتی بۆرجوازی و سەرمایەداری دەولەتی بە تەواوی جێگیر ببوو . ئەو مۆدیلە ئابوریەو شێوەی دەسەلاتی سیاسی بۆرجوازی چ لە ئەورووپای ڕۆژهەلات و چ لە زۆربەی وولاتانی جیهانی ناسراو بە سێ یەمدا بوو بە نمونەی باو .
کاریگەری ئەو بارودۆخە لە سەرجێ و شوێنی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەوەدا کورت دەبووەوە کە بە گشتی لاوازتر بوون لە جاران بەلام قۆناغی زێڕینی دەسەلاتی بۆرجوازی نیشتمانی و قومی و سەروەریە ئابووری و سیاسیەکانی لەو وولاتانە زۆری نەخایاند .
لە ناوەڕاستی حەفتاکانەوە ئەم وولاتانە پەلکێشکران بۆ ناو ئەزمەی حەفتاکانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و زۆر خێرا کاریگەریەکانی ئەو ئەزمە جیهانیە لە هەموو مەیدانەکانی ژیانی ئابووری و کۆمەلایەتی و سیاسیدا لەم وولاتانە ڕەنگیان دایەوە .
ئیتر ناسیۆنالیزم و نیشتمان پەروەری بۆرجوازی ، کە لەوەوپێش ملیۆنەها خەلکی بە ئومێدی دیموکراسی و ڕزگاری لە هەژاری فریودابوو ، بوو بە مۆتەکەیەک بەسەر ژیانی کرێکاران وجوتیاران و زەحمەتکێشان و ژنان و باقی توێژە هەژارەکانەوە.
بۆرجوازی ئەم وولاتانە لە هەردوو بەرەی سیاسی و ئابووریدا کەوتنە ڕێکخستنی گەورەترین هێرش بۆ سەر ژیانی خەلک .

10ساڵی ناوەراستی حەفتاکان تا هەشتاکان وولآتانی وەکو عێراق و میسر بوون بە نمونە بۆ پیادەکردنی پلاتفۆرمی نوێ ی بۆرجوازی ناسیۆنالستی عەرەبی بە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەزمەی ئابووری ناوبراو لە رێی بەرنامەی سک هەڵگوشینی ئابووری ودیکتاتۆریەت و سەرکوتەوە.

لە پرۆسەی ئالو گۆرەکانی شەستەکان وحەفتاکاندا مەسەلەی سەرنج ڕاکێش ئەوە بوو کە حیزب و هێزە ناسیۆنالیستی یەکانی وەکوو بەعسی و ناسری ( بۆ نمونە ) توانیان ئالآی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و خۆماڵیکردنی ئابووری و بنیاتنانی کەرتێکی ئابووری گشتی بە هێز ، کە ئەوانە ناوەرۆکی  پلاتفۆرمی حیزبە شیوعیەکانی سەربە سۆڤیەت بوو ، لە دەستی ئەوان دەربهێنن و خۆیان ڕاستەو خۆ ئەو ستراتیجیە پیادە بکەن ، و بەو منافەسەیەش ژێر پێ ی حیزبە شیوعیەکانیان خاڵی کرد و هەروەها بە هۆی ئەو ئالوگۆرە فکری و سیاسیانەوە کە دەمێک بوو لەمۆسکۆدا ڕوویاندابوو ئیتر ئەم حیزبە شیوعیانە نوێنەرایەتی هیچ جۆرە ڕادیکالیزمێکیان نەدەکرد .

بەو هۆیەوە ئەم تەیارە سیاسیە کە لە چلەکان و پەنجاکاندا کۆنترۆلی جادەی سیاسی و ڕابەری خەباتی جەماوەری خەڵکیان لە دەستدا بوو یا کەوتنە پەراوێزی رووداوەکانەوە یا وەکو حیزبێکی کەم نفوز کەوتنە پیاهەڵدانی دەسکەوتەکانی ڕژێمەکانی ژێر دەسەلاتی بەعس لە سوریا وعێراق وناسریەت لە میسر و تەنانەت لە زۆر وولآتدا ( بەرەی نیشتمانی ) یان لەگەڵ ڕژێمەکانی ناسیۆنالستی عەرەبیدا دامەزراند . ئەوەش سیماو جێ و شوێنی هێزە سیاسیەکانی لە چاو پەنجاکاندا بە تەواوی گۆڕیبوو و لە ئەزمەی حەفتاکان و هەشتاکاندا ئیتر ئەو ڕەوتە سیاسیە شیوعی و سۆسیالیستە جێ پێ ی بە هێزی جارانیان لەناو خەڵکدا نەمابوو وجەماوەر ئومێدی لێیان بڕابوو.

بەو مانایە لە ئاڵو گۆڕەکانی حەفتاکان و هەشتاکاندا خەڵکی ئەم وولآتانە بەبێ هیچ سەرپۆشێکی حیزبی و جەماوەری ڕووبەڕووی دڕندانترین شێوەی دیکتاتۆری و هێرشی ئابووری بۆرجوازی ناسیۆنالستی ببوونەوە.

بوژانەوەی سەرلەنوێ ی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەم قۆناغەدا لە بنەڕەتەوە ئەگەڕێتەوە بۆ ئەزمەی ئابووری وکۆمەلایەتی و سیاسی سەردەمی حەفتاکان کە تا ئێستاش لە زۆربەی وولآتانی ئاسیا درێژەی هەیە . ئەزمەیەک کە بەشێک بوو لە ئەزمەی ئابووری جیهانی حەفتاکانی سەرمایەداری و دواتر ، بە فشلی ئاسۆی گەشەکردنی مۆدیلی ئابووری سەربەخۆ کە ئالآکەی لە لایەن هێزە قەومی و نیشتیمانیەکانی ئەو وولآتانەوە هەڵکرا ، تووشی بن بەست بوو و بووە هۆی ئەزمەیەکی کۆمەلایەتی  درێژخایەن کە لە هەشتاکاندا ئاکامە هەمەلایەنەکانی زەقتر دەرکەوتن و لە جەرگەیدا نارەزایەتی لە دژی بەرنامە ئابووری و سیاسی یەکانی ڕژێمەکانی ئەو وولآتانە تیایدا بە هێزبوو.

لەم قۆناغەدا بە پێچەوانەی پەنجاکان و شەستەکانەوە بەدیلێکی سیاسی بە هێز لە ئارادا نەبوو کە هەستێ بە هەڵخراندنی ئەو نارەزایەتیە جەماوەریانە بۆیە بوو بەپارویەکی چەور بۆ هێزە ئیسلامیەکان تا لە سایەی ئەزمە و فشل و ناکامی باڵەکانی تری بۆرجوازی و لە سایەی لاوازی لە مێژینەتری بزووتنەوەی کرێکاری و کۆمۆنیزمدا ئەو هێزە ئیسلامیانە بە دوای خۆیاندا خەڵک پەلکێش بکەن و سوود لەو بۆشاییە سیاسیە وەربگرن و زۆرترین خۆشباوەڕی و کۆنەپەرستی دینی و سیاسی پەرەپێ بدەن.

لە هەمانکاتیشدا ئەمریکا لە چوارچێوەی شەڕی سارددا کەوتەوە هاندان و پشتگیری هێز ولایەنە ئیسلامیەکان .

ئەمریکا بە تایبەتی و ئەوروپای ڕۆژئاوا بە گشتی بە بیانووی هاتنە سەرکاری حکومەتێکی سەر بەسۆڤیەت لە ئەفغانستان ، گەورەترین یارمەتی ماددی و مەعنەوی و ناردنی باشترین جۆری چەک و تەقەمەنیان گرتە ئەستۆ بۆ پالپشتی ( موجاهیدە ئیسلامیەکانی ) ئەفغانستان وە هاوکاتیش زۆربەی ڕژێمە عەرەبی یەکان دەرگایان خستە سەرپشت بۆ کەمپەینی بەسیجکردنی لاوان و لایەنگرانی ئیسلامیەکان و ناردنیان بۆ شەڕ لە ئەفغانستان کە بەو شێوەیە ئەو وولاتە بوو بە کەمپ و ناوەندێکی گەورە بۆ ئامادەکردن و تەیارکردنی لەشکری جیهادی ئیسلامی کە دواتر ڕەوانە کرانەوە بۆ دەیان شوێن و وولات .

لە ئاستی ناوچەکەشدا سعودیە بووبە پەناگایەکی سەرەکی بۆ زۆربەی هێزە ئیسلامیەکان وپترۆدۆلاری بێشوماری ئەو وولاتە خرایە بەردەستی ئەو هێزانە .

لەم شەڕەدا ئەمریکا ئیسلامیەکانی ناونابوو ( خەباتگێرانی ڕێگای ئازادی ) و بەکردەوە دەوری پشتی جەبهەی شەڕی ئەبینی بۆ یارمەتی ئیسلامیەکان وزۆرترین ئیمکانات و ئیقامە و پارەو شوێنی حەوانەوەیان لە ئەمریکاوە بۆ دابین ئەکرا .

دیارە سۆڤیەتیش لە منافەسەیدا لە گەڵ ئەمریکا وبۆ ڕاکێشانی بەشێک لە هێزە ئیسلامیەکان یا بۆ خۆ دوورگرتن لە دوژمنایەتی ئەوان وە یا بۆ بەگژاکردنەوەیان لە بەرانبەر ئەمریکادا هەوڵی زۆری دا . بۆ ئەو مەبەستەش قەڵەم بەدەستانی ڕەسمی سۆڤیەتی دەیان تیوریان دارشت سەبارەت بە ناوەڕۆک و دەور و ئامانج و مێژووی ئیسلام کە پڕبوون لە بیر و بۆچوونی دژ بە مارکسیەت . بە گشتی شەڕی سارد و ململانێی هەردوو بەرەی ئەو شەڕە و هەوڵی هەردوولا بۆ هەڵڕشتنی ئیمتیازات بۆ بزووتنەوە ئیسلامیەکان یارمەتی دا بە بەهێزکردنی ئەم ڕەوتەو زۆرترین سودیان لە بەرانبەرکێ ی ئەمریکی و سۆڤیەتی بینی . بەڵام پەرەسەندنی دەستێوەردانی سۆڤیەت لە ئەفغانستان لە ساڵی 1979بە دواوە مەیدانی بزووتنەوەی ئیسلامیەکانی بە تەواوی لەسەر ئەمریکا تاپۆکرد .

سەرهەڵدان و مانەوەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان لەم قۆناغەدا ئاکامی ئەو ئەزمەو سەرگەردانیە قووڵەیە کە سەرمایەداری جیهانی ملیۆنەها ئینسانی تیا گیرۆدەکردوە . ئەم

بزووتنەوە سیاسیە خۆراکی پێویستی خۆی و مانەوەی لە مەسائیلی وەکو هەژاری و جیاوازی قوڵی چینایەتی و بێ ئاکامی مەسەلەی فەلەستین و بێ داهاتویی عێراق و شەڕو داگیرکردنی وولاتان لەلایەن ئەمریکا و .......هتدەوە وەرئەگرێ و ڕیاکارانە سوود لەو مەسەلانە وەرئەگرێ بەڵام لەو شوێنانەدا کە هاتبنە سەر دەسەڵاتی سیاسی ئەوا خۆیان بوونە بە پارێزەرو بگرە هۆی قوڵکردنەوەی ئەو بارو دۆخە ناهەموارە.

بەڵام پێش ئەوە ، تێکشکانی بزووتنەوەی قەومی عەرەبی وەکو باڵی فکری و سیاسی زاڵی زۆربەی ئەم وولاتانە لە شەڕی 1967 لەگەڵ ئیسرائیلدا و پاشەکشەی مەیلی قەومی عەرەبی بە گشتی دوای تێکشکانی بەرنامە ئابووریەکانی و هەروەها بنبەستی سیاسەتی ( وەحدەوی ) عەرەبی ، زەمینەیەکی باشیان ڕەخسان بۆ سەرهەڵدانەوەی بزووتنەوە ئیسلامیەکان و کەڵک وەرگرتن لە سۆزو حەماسەی خەڵک بە تایبەت بە پەیوەند بە مەسەلەی ( قودس ) ەوە .

لە هەمانکاتیشدا دەسەڵات بە دەستەوە گرتنی هێزە ئیسلامیەکان لە ئێران و جڵەو شلکردنی ڕۆژئاوا بۆیان پاش کۆنگرەی ( غوادیلوب ) و بەلاڕێدا بردنی شۆڕشی خەلکی ئێران و دامەزراندنی جمهوری ئیسلامی ، هەم فاکتەرێکی پایەیی تر بوو بۆ بوژانەوەی سەلەنوێ ی ئیسلامی سیاسی لەم قۆناغەدا وهەم خۆشی بووبە هۆی تەکاندان بەم بزووتنەوە سیاسیەو بەدیهاتنی خەوێکی دێرینەیان کە سەرئەنجام ئێران لەوە بە دواوە بوو بە بەهێزترین پایگا بۆ ئیسلامی سیاسی لە هەموو دونیادا .

دامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی لە ئێران و داسەپاندنی ئیسلام وەکو یاسا ودەستوور بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی لەو وولاتەدا جارێکی تر ئیسلامیەکانی هێنایەوە ناوجەرگەی هاوکێشە سیاسیەکانەوە .

زیندووبونەوەی هێزە ئیسلامیەکان و بوونیان بەمۆتەکەیەکی مەترسیدار بەسەر ژیانی خەڵکەوە کە هەرڕۆژە هەڕەشەی بەرپاکردنی نیزامێکی دواکەوتوی وەکو ئێران و ئەفغانستانیان لە خەڵک ئەکرد هەر بەوەندە کۆتایی بە کاریگەریە ڕەشەکانی نەهات . ڕژێمە دیکتاتۆریە بۆرجوازی یەکانیش تەکانێکی تریان بە خۆیان دایەوەو لە هەشتاکانەوە چ بۆ منافسەکردن و هەوڵی تەریک خستنەوەی هێزە ئیسلامیە نەیارەکانیان وە چ بۆ بێهۆشکردن و گێژکردنی خەڵک و دوور خستنەوەیان لە ناسینی هۆ و ڕیشەکانی بارو دۆخی نالەباری ژیانیان ، کەوتنە هەوڵێکی بێ پەروا بۆ سوود وەرگرتن لە چەکی ئاین و ئیسلامیزەکردنی زۆرلایەنی ژیانی کۆمەڵگا و سەپاندنی بە شێوەی قانونی بە سەر خەڵکدا وە یا موتوربەکردنی بیرو باوەڕ و ئایدیۆلۆجیای قەومی و نیشتیمانی و دیموکراسی بۆرجوازی بە توخمێکی زەق و بە هێزی ئیسلامی بە مەبەستی پاراستنی دەسەلاتیان' . بۆ ئەو مەبەستەش زۆربەی ڕژێمە عەرەبیەکان زیاتر لە بیست ساڵە لە هەوڵێکی بێ ووچاندان بۆ پەرەدان بە کردنەوەی مزگەت و شوێنی خوێندنی ئاینی لە ئاستی هەمە جۆردا و دامەزراندنی دەیان ڕادیۆ و ئیستگەی تەلەفزیۆن بۆ

بڵاوکردنەوەی خورافاتی ئیسلامی و پەرەدان بە حملەی ئیمانی وهێرش بۆ سەر فکری علمانی و پێشکەوتن خواز کە نمونەکانی سادات و سەددام و مشرف بە جوانی ئەو راستی یە دەرئەخەن .

بەڵام ئەبێ ئەو ڕاستیە بووترێ کە بزووتنەوەی ئیسلامی یەکان هەر لەسەرەتاوە لە ڕوانگەیەکی کۆنەپەرستانەوە کەوتنە سەنگەری بەربەرەکانێ لەگەڵ ڕژێمە دەسەڵاتدارەکاندا .

خومەینی لە بەرانبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی حەمەرەزاشای ئێران دەستیدایە پیادەکردنیان لە شەستەکاندا ئاوها هەڵوێستی گرت :

(( لە جیاتی ئەوەی دەوڵەت بیر لە چارەسەرێک بکاتەوە خەریکە خۆی و خەڵک بە مەسەلەی وەکو بەشداری ژنان لە هەڵبژاردن یا دانی ماف بە ژنانەوە سەرگەرم ئەکات کە ئەنجامەکەی جگە لە فەساد و فەحشا هیچی تر نی یە )) . نگق خمینی . لە کتێبی : زندگی نامە امام خمینی لـــ175 .

دەعوە لە عێراق و جیهاد لە میسر ڕەخنەیان لە ڕژێمەکانی ئەو دوو وڵاتە ئەگرت کە ( گیانی ئستهلاکی ) یان پەرە پێداوە لە کاتێکدا هەموو کەسێک ئەزانێ کە ئەو دوو ڕژێمە چ هەژاریەکیان بەسەر خەڵکدا سەپاندبوو .

سەیرێکی ئەدەبیاتی حیزبی ( دەعوە ) بکەن تا ببینن کە چۆن گلەیی وگازندەیان لەڕژیمی بەعس بەوە ئەبڕیەوە کە ڕژێمێکی ( کافر ) ە ، ڕێز بۆ ( شوێنەوارە پیرۆزەکانی نەجەف وکەربەلا وسامەڕا ) دانانێت ، ڕێگە نادات بە بەڕێوەبردنی ڕێ ورەسمی عاشوورا وتاسوعا وسەرەنجام وەکوو حیزبێکی کۆنەپەرستی ئیسلامی ئەیەویست لەورێگەیەوە خەبات وئاواتی خەڵکی عێراق بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی پێشووی عێراق وجێگرتنەوەی بە ڕژێمێک کە وەڵامدەرەوەی ئاواتەکانیان وهەڵقوڵاوی ئامانجەکانیان بێت بەلارێدا ببات و بیکات بەمەسەلەی دژایەتی نێوان ئیسلام وکافر وئەو مۆرکە کۆنەپەرستە بدات بەسەریدا ولەوێوە مەرامە ڕاستەقینەکانی خۆی بشارێتەوە کە مەسەلەی گرتنەدەستی دەسەڵاتی سیاسیە .

لە پاڵ ئەوەشدا بزووتنەوە ئیسلامیەکان وەکو بەدیلێک خۆیان دەخەنە ڕوو بۆ چارەی ئاشوب و ئەزمەو نائارامی هەمەلایەنەی سەرمایەداری و دەسەڵاتی مشەخۆری بۆرجوازی لە وڵاتانی ئاسیا و دەڵێن تەنها ئێمە توانای چارەسەریمان هەیە دیارە لە ڕێ ی بێهۆشکردنی گیانی نارەزایەتی خوازانەی خەڵک وە یا سەرکوتکردنیان و ڕۆژانە ئەو پەیامە ئەدەن بە گوێ ی ڕۆژئاوادا کە ڕژێمە ( علمانی ) و ( قومی ) یەکان ئەوەیان پێ ناکرێ و ئەوە تەنیا ئەمانن کە ئەتوانن خەڵک ئارام و گوێڕایەڵ و کپ بکەنەوە و ئارامی ی وون بووی ئەم وڵاتانە بگێرنەوە .

ئەم بزووتنەوە ئیسلامیانە ئەیانەوێ ئیسلام بکەن بە هەویەتی زیاتر لە یەک ملیار لە خەڵکی ئاسیا وبینێنە جێ ی هەویەتی چینایەتی و ئینسانیان و ئاکامی ئەم قۆناغەش لە ئەزمەی سەرمایەداری و دەسەڵاتی بۆرجوازی بە سازدانەوەیەکی تری هەمان سیستەمی

ئابووری و سیاسی ببڕێننەوە .

له نەوەتەکاندا بە ڕووخانی ئۆردوگای سۆڤیەتی و پەرەسەندنی کەم وێنەی ڕاسترەوی لە جیهاندا ئیتر بیرو بۆچون و سیاسەتی ئیسلامی یەکان تینێکی تری بە خۆوە گرت و تەکانێکی تریدا.

ئیسلامیەت و ئیسلامی سیاسی لەم 10 ساڵەی ڕابوردوودا یەکێک لەو قاڵبە هەرە کۆنەپەرستانە بوو کە ئەو ڕاسترەوی یەی نەوەتەکانی لە خۆدا بەرجەستە کردەوە .

تێشکانی سۆڤیەتیش جگە لەوەی خزمەتێکی گەورەی بە پەرەسەندنی ڕاسترەوی کرد لە دنیادا کە لە زۆر شوێنی دنیادا مۆرکی دینی و ئیسلامی بە خۆوە گرت ، لە هەمان کاتیشدا لە وولاتانی ئاسیای ناوەڕاستیش زەمینەی بوژاندنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامیە سیاسیەکانی ڕەخساند .

ئیتر ئەم جارەیان بە داخرانی ئەزمەی ئابووری و کۆمەلایەتی زۆربەی وولاتانی ئاسیای بەناو ( ئیسلام نشین ) و تێکەڵبوونی ئەو ئەزمەیە بە نائارامی یەکانی قۆناغی دوای شەڕی سارد ، بازنەی ئەزمەکە بە تەواوی داخرا .

مراوحەی کێشە قووڵە ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە جێ ی خۆیاندا بۆ نزیکەی 20 ساڵ و قووڵبونەوەی زیاتریان وەکوو کێشەی هەژاری ، دیکتاتۆریەت ، بێکاری ، بێ خانە و لانەیی ، چەوسانەوەی ژنان ، چەوسانەوەی نەتەوەیی ودەیان دەردو بەڵای تر کەبەرە بەرە بوون بە شێوەی نۆرمالی ژیانی خەڵک ، جێ خۆیان داوە بە گیانی بێ ئومێدی و نەفرەت لەو شارستانێتی و سیستەمەی کە ئەو هەموو دەردەی بەسەر نزیکەی ملیارێک خەڵکدا هەلڕشتووە . لێرەوە ئیسلام بە ووتەی بریجنسکی ( ئەبێ بەوەڵامێک لە هەستی بێ ئومێدی تێکەڵ بە نەفرەتی خەڵک لە وولاتانی ئیسلامی دا ) وئەوەپایەی بوون و درێژەی ژیانی بزووتنەوە ئیسلامیەکانە .

بە مانایەکی تر پاشەکشەی بزووتنەوەی کرێکاری و نارۆشنی و بێ بەدیلی کۆمۆنیزم لە بەرانبەر گیروگرفتە مێژوویی و سیاسیەکانی کۆمەڵگای سەرمایەداری ئەمرۆ و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایانە بە تایبەتی لە وولاتانی ئاسیادا و ئەو نائومێدیەی پێکی هێناوە لە ناو ملیۆنەها کرێکار و زەحمەتکێشدا ، ڕێگەی داوە بە چاندنی گەرای ئیسلامیەت و ئیسلامی سیاسی .

ئەنجامگیری

ئیسلامیەت و ئیسلامی سیاسی شەپۆلێکی کاتی یە ، وەکو مارکسیەت و کۆمۆنیزم نی یە . یەکەمیان دەرهاویشتەی بارودۆخی ئەزمەگرتووی سەرمایەداری یە لە ئاسیا و ئەفریقیاو بێ ئومێدی و گیرخواردنی خەلکی ئەو وولاتانە لەچنگالی ئەو ئەزمەیەدا ، بەلام دووەمیان ، ( مارکسیەت ) ، ڕیشەدارتر و پایەدارترە . ڕەنگدانەوەی بناغە بنەڕەتیەکانی کۆمەڵگای جیهانی ئەمڕۆیە و تا مانی ئەو کۆمەڵگایە هەر دەمێنێ و بە تەفاعل کردنی شۆڕشگێڕانەی بە هێز

دەبێتەوە گەرچی بۆ قۆناغێک لاواز بوبێ .
جگە لەوەش سەرهەڵدان و دواتر گەشەو سەرئەنجام لێژبوونەوەی سەرلەنوێ ی ئیسلام و هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان ، خۆی نیشاندەری زەمینی بوون و سیاسی بوونی دینی ئیسلامە .
هەندێ فاکتەر لە قۆناغێکدا گەشەی پێ ئەدەن بەڵام بە نەمانی پێویستیەکانی دەڕووخێن .